# خودای مەستان



باران
پشکۆ نەجمەدین

تۆ کە مەستیت و بە دەستی فەرِبارت، لە مەی سەررِێژدەکەی پەیمانەی
خاڵیی تەنیاییم، لە تەباری دڵی تەنیادا، چڵێک رِیحانەی میهرت شین و
لە شیندا، سەمای شینگێرِ، مەستانە، مەست.
لە رِووحمدا، رِەز بچێنە، با کوپەی دڵ، پرِاوپرِ بێ لە شەراب و
خورِەی خوێن بە دەنگی بادە و نێڵەی دۆزەخیش، خامۆش وەک دوا تروسکەی
مۆمی سەر مێزی مەینۆشان.
وای خودای من!
10ی یونی2016



شەمی عیشق

گەر تۆ هێندەی رِۆشنایی خۆت، خۆشت بوێم، من سەت هێندە!
کەچی هێشتا، تەمەننای دیدارت ناکەم. ئاخر دڵم، دڵی دڵم! شنەی جێژوان،
گەرمی جەستە و شیلەی مژین و رِاموسان، شەمی عیشق خامۆشدەکەن،
کڵپەی سوتان: خۆڵەمێش و ئیدی رِووحیش، پەپولەیەکی باڵسوتاو!
23ی یونی2016



## پشکۆ نەجمەدین

- سالٌی 1953، لە گوندی عەبابەیلێی ناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەییی لە شاری هەڵەبجە تەواو کردووە.
- سالٌی 1977، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستی کشتوکاڵیدا، لەزانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.
- سالٌی 1974، بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە.
- کۆتاییی سالٌی 1975، پەیوەندیی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانەوە کردووە.
-سالٌی 1984، ئەندامی دەسگای نێوەندی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە.
-سالٌی 1985، یەکێک لە ئەندامانی دامەزرێنەری ئالاّی شۆڕش بووە.
- لە سالٌی 1989دا و پاش کارەساتی ئەنفال، کوردستانی جێهێشتووە و لە تاراوگە ژیانی بەسەر بردووە.
- لە سالٌی 1992دا، وازی لە پێبەستبوونی حیزبایەتی هێناوە و لە بواری نوسین و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و سیاسیدا کاریکردووە.
- لە سالٌی 1988ەوە، لە کایەکانی نوسینی شیعر و ئەدەبدا کاردەکات.
4- کۆمەڵەشیعر و دیوانەشیعرێکی چاپکردوون، ژارک 1991، گەڕان لەدوی سەرابی نیشتمان 1994،لەتێک غوربەت لە تەمەندا سالٌی 2000،بە تیرۆژێک لە نیگای تۆ، کۆبەندی شیعرەکان «لە خەزانی ڕەزێکەوە هەتا ئاڵیی گوڵهەنارێک، هەولێر،2014
- 13کتێب و دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی نوسیون و چاپ کردون.